# بیرەوەریەکانم

G

فایق جەمیل

تا ساڵانی پەنجاکان رێگاوبانی ئوتۆمۆبیل لە مەیانی کۆیەو شاری رانیە نەبو هەفتەی جارێ , لە وەرزی هاوین دوجار , دو کاروانچی کۆیی ناسراو – مام قادر و حەمەغەریب- کەڵ وپەڵی نێوماڵ و کوتاڵ وشتومەکی بازرگانی و ئازۆقەو بەرهەمی جۆراوجۆری کشتوکاڵ بەتایبەتی توتن هەروها سەفەرکەرانی لە مەیان هەردوشاری یان دەگواستەوە , کاروان بەقەد چیای هەیبەت سوڵتان و پەرینەوەی لە روباری –سەرخمە – لە دەشتی بتوێن 1 دژوارو سەخت وبەترس , تارادەیەك وائەبو وڵاغ بەبارەوە روبار راپێچی دەکرد بە تایبەتی لە وەرزی بەهاروزستان , کاروانەکان بۆ حەسانەوە وپشودان بۆ دیوەخانی – عەباساغای – سەرکەپکان لایان دەدا , سەرکەپکان گوندێکی گەورە کەوتوبوە دەشتی بتوێن ناوەراستی ریگای کۆیەورانیە , بەش بە حاڵی خۆم چەند جارێ زۆربەی لە وەرزی هاوین لە ساڵانی 951 - 955 بەتەنیا یا لەگەڵ خوشکان وبرام سامی رێگای کاروانمان بۆ ماڵی برا گەورەمان – کەمال – لە رانیە بڕیوە , جارێ لە دیوەخانی عەباساغا لە سەرکەپکان کابرایێ بۆ دانشتوان قسەی دەکرد زەینم دایێ قسەکانی ئاسایی نیە بەرەو سیاسەت دەشکێتەوە , پیاوێ خوێنەوارو روشنبیر خۆی دەنواند, لە دوایی بۆم دەرکەت ( حەمید عوسمان) ە 2 – سکرتێری حزبی شیوعی عیراقی لەم سەردەمە لەدەست حکومەت خۆی لەلای عەباساغا حەشاردابو , لەم مەیانە بیستم گەڵێ رابەرو کەسایەتی حزبی وسیاسی لای ئەم پیاوە نشتمانپەروەرە خۆیان دەشاردەوە و هەر لەسێبەری ئەمیش سەرپڕشتی ورابەری حزبەکانیان دەکرد لەوانەی کە گوێبیست بووم – هەمزە عەبدوڵا سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان هەروها کریم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی ئەم کات, تەنانەت گەڵێ سیاسی وحزبیی عەرەب 3 عەباساغا پیاوێ کەڵەگەت وچوارشانە خاوەن وئاغای دێودیهاتێ زۆر لە دەشتی بتوێن, هەمیشە سی چل سواری چەکداری بە دوادابووە ئازایی ورشیدیان لێ دەگێرایەوە دەستێ باڵای هەبووە لە بزوتنەوەی نەتەوەیی وشۆرشی گەڵی کورد هەندێ بە جیگری مەلا مستەفا ی بارزانی لە قەڵەم دەدا , لە ساڵی 969 بە نەخۆشی شیرپەنجەی خوێن – لۆکیمیا– کۆچی دوایی کرد.

شاری رانیە لەم زەمان بریتی بو لەچەند سەد ماڵێ دانشتوانی لە پێنج هەزار کەس رەت نەدەبو زۆربەیان لە خەڵکانی کۆیەو قەڵادزەبوون بۆ کەسابەت و بازاری توتن هەندێ بە فەرمانبەری لە رانیە دامەزرابوون , تاکە شەقامی بەردرێژ ناوەراستی شاری دەبڕی جۆگەئاوی روونی کانیاو بەناوی –سەرچاوە – شەقامەکەی بە دو بەش دەکرد لەم بەرو ئەم بەری شەقام رێزە دوکانی جۆراوجۆر هەڵکەوتبون . قوتابخانەی سەرەتایی کوران تاکە قوتابخانەبو لەم ناوچەیە , مامۆستاکانی ئەوەندەی لە یادم بن ( بەرێوەبەر کەمالی برا گەورەم – کەمال عەبدولقادر 4, عوسمان حەسەن , عەبدولجبار کەریم , ئیسماعیل سەرهەنگ , مەلا حەمید , حەننا بترسی کەرکوکی , ) .

لەدوکاندارانی ناسراو – حاجی حەوێز – ی کوتاڵ فرۆش دۆستایەتی وهاموشۆی خێزانی لەگەڵ ماڵی ئێمەو ئیسماعیل سەرهەنگ گەڵێ خۆش بو گەڵێ شەوان هەرسێ خێزان بەیەکەوە بە گاڵتەو پێکەنینی بەرسەماوەر رایاندەبوارد. دوکانی سێ برا کارەباچی ( جەمال وکەمال وجەلال ) لەخەڵکانی هەولێر یا کەرکوك نەمزانی چۆن کەوتوبونە رانیە , کارەکانیان زۆر پێویست و سود بەخش بریتی بو لە چەرچی پاتری تەر ی ئۆتومۆبیل وگشت مەکینەکانی کە بە پاتری کاریان دەکرد هەروها

لەبەر نەبونی وزەی کارەبا له شار رادیۆش هەربە پاتری تەر کاری دەکرد لەهەمان کات تاکە وەستابوون بۆ چاکردنەوەی گشت جۆرە ماتۆرو ئۆتۆمبیل ومەکینەو شتومەکی کارەبایی لەم ناوچەیە ,لەم کاتە رادیویەکەی ئێمە زۆر قەبەو دیکۆر جوان بە براندی – مارکۆنی – ئەناسرا ئەبوایە هەرچەند رۆژێ لە دوکانی – سێ براکە– پاتریەکەی چەرچ بکرێ . وەستا ئەحمەدی باوکی عەبدولوهاب ئەلسەراج 5 تاکە سەراج بو لەم ناوچەیە , پیاوێ زۆر گفتوگۆخۆش وقسەزان و بەرێز دۆستایەتی خێزانی وهاموشۆی لەگەڵ ئێمە زۆر گەرم بو , عبدولوهاب بە ساڵێ یا دوان له پاش من بە مامۆستای ماتماتیك له کۆلیجی – دارالمعلمین العالیه – واتە خانی مامۆستایانی باڵا – دەرچو هەروەك بیستم له دوایدا هەر لەم بابەتە ماجستری وەرگرتوه , چەندین ساڵە رۆژگاری نالەبار وەك لە گەڵ زۆربەی هاوقوتابی ودۆستان وخزمانم لێکی دابریویین .

لە رانیە دۆستایەتیم لەگەڵ ( جەمیل عەبدولرەحمان شەرەف ) 6 پەیدا کرد ئەمیش لەم ماوەیە سەردانی برا لە خۆگەورەتر ( جمال شەرەف) کاتبی قایمقامی رانیەی دەکرد , لەم کات رانیە سەر بە لیوای –پارێزگار –ی هەولێر بو هەروها لەم شارە دۆستایەتیم لەگەڵ – عەلی کەریم – لێپسراوی دایرەی ئینحساری توتن خۆش بو , عەلی کەریم لە خەڵکانی هەولێر گەرچی لە بنەرەتا وەك گەڵی دانشتوانی هەولێر ئەگەرێتەوە بۆ گوندەکانی دەراوپشتی هەولێر ... بەرێوەبەرایەتی گشتی ئینحساری توتن { دائرە انحسار التبغ العامه }– رۆل ودەورێ گرینگی لە ژیانی ئابوری و کۆمەلایەتی خەڵکانی کوردستان بە تایبەتی وعیراق بە گشتی نواند لەهەمان کات لە بارودۆخی سیاسی ئەوسەردەمە کارگێرێ زەق وئاشکرابو , زۆربەی بەرێوەبەرانی گشتی لە خاوەن بەڵگەنامەی دکتۆرا هەڵدەبژاردران گەڵێ لەمان کوردبون بۆ نمونە – دکتۆر موکەرەم تالەبانی – راستەوخۆ پاش شۆرشی چواردەی تەموزی ساڵی 958 , بەم بۆنەوە بە پێویستم زانی نوسینەکەی غەفوری میرزا کەریم لەبارەی گرینگی بەرهەمی توتن ورۆڵی لە ژیانی ئابوری گەڵی کورد – هەر لە ساڵانی بیستەکانەوە لەسەدەی رابوردو بخەمە بەرچاو ... ئەڵێ:[... هەمان کات لەسەردەمی (مێجەرسۆن) ی ئینگلیزدا چاپخانەیەکی هیینایە سلێمانی و له4/29 /920 دا یەکەم ژمارەی رۆژنامەی –پێشکەوتن– بلاوکردەوە کەتەمەنی دوو ساڵ درێژەی کێشاو له1922/7/25 دا118 ژمارەی لێ دەرچو دایانخست . روشنبیرانی کورد نوسینیان تێا بلاودەکردەوە ,( شەهید جمال عیرفان وشێخ نوری شێخ ساڵح ) لە پاڵ هۆشیاری نەتەوەییدا هۆشیاری ئابوریشیان بلاوئەکردەوە , بۆ زیاتر گەشە سەندن وچاندنی توتن کە شادەماری ئابووری کوردە وپیلانیان دانابو جێبەجێکردن ودانانی کۆمپانیا تا جووتیارەکان و خەڵکی تر هانبدەن بۆ گەشە سەندنی ئەم بەرهەمە نەتەوەیی یەوە بەستنی بە بازاری جیهانی یەوە , روشنبیرانی کورد لەوسەردەمەدا پێیان ئەوتن (منەوەر ) نوسینی بایەخدارو گرنگیان ئەنووسی بەتایبەتی باسی توتنیان هینابوە ئاراوە ولەوبارەیەوە داوایان ئەکرد پسپۆری تایبەتی بهێنن یا کۆمپانیایەکی هەرەوەرزی دابمزرێنن تا جووتیارەکان لەباری ئابووریەوە کەڵکی لێ وەربگرن وبگاتە بازاری جیهانی .......ئیتر لەو رۆژەوە ئەم بەرهەمە لە خانەیەکی سروشتی تەسکەوە لە دابینکردنی پێویستی یەکی ناو خۆ وڵاتەوە بەرگی کالایەکی بازرگانی بە بالادا بڕاو کوتە ناو بازاری ناوەوەودەرەوە بەتایبەتی بازاری بەغداوە ...ئەم دەستە بازرگانانە بە کاری کڕین وفرۆشتنی توتنەوە کەوتنە ناوبازی کوردەوە و دەوری تایبەتی ودیاری کراویان لە بواری ژیانی ئەم شادەمارەی ئابوری کوردستاندا گێڕاوە , ئەم قەڵمچیانە لە پاڵ بازرگانی توتندابەکاروکاسبی تریشەوە خەریك بوون, بۆیە ئەگەر رژێمی عوسمانی دواتریش ئیستعمارو رژێمی عیراقی رێگەیان بە کورد بدایە ئەم قەڵمچیانە لەگەڵ پیشەتازەکانی کوردستان وەکو چەخماخسازو وەستای تۆپ .... هتد . وەك تفەنگی حسکەوشینکی بەناوی ( وەستا حەسەن) وتۆپەکانی رەواندوزی میرنشینی سۆران کە ( وەستا رەجەب) دروستی دەکرد., بێگومان کورد لەناوچەکەی خوێدا ئەبوو بە دەوڵەتێك , تەنانەت لەم دواییدا رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق بە پارەی نەوت توتنی فرنجییان دەهێنا پاکەتی بێگانەیان ئەخستە بازاڕی کوردستانەوە بۆئەوەی ئابوری کورد سەرکوت بکەن ...]..7

له یادمه پرۆفیسۆری- جوگرافی یای ئابوری - له پۆلی دووەم له -دارالمعلمين العاليه - خانەی مامۆستایانی بالآ- ساڵی 953/952 ئامادەکردنی باس وسیمیناریَ بەناوی { توتن له ژیانی ئابوری عیراق }- وەك پێویستیەکانی خوێندن لەم قۆناغه پێی راسپاردم , به نامەیەك له سەرۆکی کۆلیجەوه بۆ بەرێوەبەری گشتی دایرەی ئینحساری توتن له بەغدا - به ناو دکتۆر باقر - زۆر یارمەتی وپاڵپشت کرام بۆ ئامادەکردنی باسەکه ,بەرادەیەك بۆم هەبو گشت نوسراوەکانی ئەم دایره بپشکنمەوه وبیخوێنمەوه ودەست نوسی بکەم جگه له دەیان بەڵگەنامەو راپۆرت وسەرژمێرو باس له بارەی توتن خرایه بەردەستم . هەروها گەلێ سودم لەسەرچاوەو کتێب و زنجیره باسەکەی ( مسعود محەمەد ) که لەم ساڵەدا له رۆژنامەی ( الاهالی )- ئەلئەهالی - ئۆرگانی حزبی ( الوطن الديمقراطي)- وەتەنی دیموکراتی - به سەرۆکایەتی کامل چادرچی - له باری توتن بلآوی دەکردەوه وەرگرت . ئامادەکردنی باسەکه سێ مانگی خایاند له سەمینارەکی قوتابیانی قۆناخ خوێندرایەو سەرکەوتو له قەڵەم درا . خۆزگه لام بماباوه ئیمرۆ کتێبێکی خنجیلانەو بەسودی لێ هەڵدەکەوت . شایانی باسه هەر لەم کات هاتمه ئەم بروایه وشەی (توتن) له ( tobaco) توباکۆ وەرنەگیردراوه وەك بۆچونی هەندێ زمانەوان , بەڵکو وشەیەکی رەسەنی کوردییه له بنەرەتا کورتکراوەتەوەو به تێکهەڵکێشی دو وشه ئەمیش - تۆی, توند - له ئاکامی بەکارهینانی بۆ سەدان ساڵ لەلاین کورد سوك کراوه بووەته توتن , هەڵبەته توتن له کوردستان هەروەك گشت بەرهەکانی کشت وکاڵ خۆرسك بووه له دوادا چاندراوەو پەروەردەکراوه وەك بەرهەمێ ئابوری .

عەلی کەریم- فەرمانبەری دڵسۆزو راست دەست پاك تا بۆی کرابه یارمەتی جۆتیارانی توتنی دەدا لەهەمان کات زیرەك وچوست له کاروباری دایرەو فەحسی توتن وکرینی بۆ حکومەت له ئاغاو بازرگانەکانی توتن لەم ناوچەیه . کیژی گەورەی - ڤیان- هاوسەری یەك له کورانی عوسمانی برایەتی وا چەندین ساڵه دانشتوی شاری( سدنی)ین له ئوستراليا.

له رانیه شارەزای مامۆستا -ئیسماعیل سەرهەنگ - بووم تابلێی قسه ومەسرەف خۆش چوست زیرەك گەر به هەڵه نەچوبوم خۆی وچەند خێزانیك جێنشین بوون له حەریرو باتاس سەر به قەزای شەقلاوه له لیوای هەولێر بۆ عەشرەتی -بلباس- دەگەرێنەوه لەمان وەك بێته یادم - تۆفیق وسادق - هەردوك مامۆستای سەرەتایی , سەرهەنگ شارەزایەکی تەواوی له کشت وکاڵ ودارودەوەند ودرەخت و گیاو گوڵ هەبو له بارەی چاندنی وپێگەیاندنیان سودو بەکارهینانیان بۆ نەخۆشی جۆراوجۆر هەروها لەکاتی بونی لەنێو رێزەکانی شۆرشی گەڵ شارەزایی شێی کردنەوەی (شیفر) ەکانی دام ودەزگای وئەرتەشی عیراق بووه رۆڵ ودەوری خۆی لەم بارەوه نواندووه . دوستایەتی وهاموشۆکردنی خێزانی ودو قۆلی لەگەڵ ماڵێ براگەورەم زۆر گەرم و بەردەوام لەرانیه و هەولێر , وا دێته بیرم دوا جار له ساڵانی نەوەتەکان لەماڵێ کەمالی برام له گەرەکی شۆرش لەهەولێر به سەرهەنگ شاد بووم له تەمەن کەوتوبو نه له قسەخۆشەکانی هەر لەم دەرفەته گەلێ گوزشتەی خۆی بۆ گێرامەوه . کوری گەورەی -هێوا- هاوتەمن وهاوقوتا بی لەگەڵ شێرکۆی کوری گەورەی برام -کەمال - هەرلەمنداڵیەوه زیرەکی لێوه بەدی دەکرا . لەم دواییدا زانم هێوا بەخێزانەوه چەندین ساڵه نشتەجێی دەوڵەتی - هۆلەنده -ن وگۆڤاری (بێوار)ی خەنجیل دەردەکات , ساڵێ دەبی له بێوار کۆچی دوایی سەرهەنگم خوێندەوه .

بابگەرێنەوه رانیه- کانیاوەکی فرەوان ورون وسارد به ناو -قوله - کەوتووته رۆخ شار دارودارستانێ چڕ دامێنی پڕ کردۆتەوه دەوری بەبەرده رێژ راخراوه , قوله و دەوری بەری سەیرانگای خێزانانی رانیەیه قولەتێنی مەلەی منداڵ و هەرزەکاران , شوێنی رابواردن وحەسانەوەی پیا وان . کێوەرەش کەوتوته باشوری رۆژهەلاتی رانیه بەرزو رك , دیوی بەری رانیه بێ ئاوویشك و بێ دارستان . به پێچەوانەی دیوەکەی دی -وەك باسیان بۆ کردووم- بەفروبارانی زۆر , دارستانی چڕ , گیانەوەری درندەی زۆر تانانەت پڵنگ لەم بەره زۆر جار دیتراوه . ئەم دیارده سروشتیەی کێوەرەش له جوگرافیا پێی ئەڵێن (

سیبەری باران ) rainshadow .ئەوەی سرنج کێشە لەم بارەوە ( دوانزدە زنجیرە چیای سەرەکی کورت ودرێژ ) زۆربەی بەپانی کوردستان دەبڕن بۆیە ئەم چەشنە دیاردەیە واتە –سێبەری باران– لەسەرتا پای کوردستان زۆرهەڵکەوتووە .

لەم رۆژەی دەزاندرا کاروانێك لە کۆیەوە بەرێ کەوت بۆ رانیە پاش نیوەرۆی ئەم رۆژە خەڵکان بەرەوپیلی ئەکەوتنە رێ بۆ گردەکەی نێزیك ( چوارقورن )ەی جاران – دەوەستان تا لەدورەوە کاروانەکە بە دی بکەن دڵنیا بن بە گەیشتنی– بۆ پێشوازی کردن لە خێزانیان یا مێوان ودۆستان , بازرگان وخاوەن دوکانەکان بۆ شتومەکی خۆیان , وا ئەبو زیاتر لە پەنجا کەس کۆدەبونەوە تەنانەت هەندێ لەمان ولاغی لەگەڵ خۆ ئامادەدەکرد بۆ ئەوەی ئەوەی مەبەستیان بو زوبەزو لە کاروانی جیاکەنەوە , رۆژی کاروان رۆژی خۆشی گەلێ خێزانان هەروها بازاریش پڕ دەبو لە پێویستیەکانی ژیان وشتومەکی ناوماڵ بۆیە خەڵکانی رانیە بە جۆشەوە چاوەنواری ئەم رۆژانەیان دەکرد .

لەم سەردەمە ناوناو جێبەکانی ئەمریکی لە قەلا دزەوە کەمتر لە سلێمانی یەوە خۆیان دەگەیاندە رانیە شوفێرەکان رێگایان بۆ خۆ دەدۆزیەوە لە نێو بەردەران و گێلکەکان چونکە رێگای ئەندازەیی نەکرابۆوە بەلام لە یادم نیە گەر پردێ هەبوبێ بۆ پەرینەوە لە روباری میرزا رۆستەم ناسراو بە –گا رفێن – یا شوفێرەکان لە تەنکاویان دەدا . خودی خۆم ئەم رێگایەم بە جێب لە چلەی زستان بریوە بۆ سلێمانی 8.بەبۆنە قەلادزەو رێگاکەی بۆ نوکتەوپێکەنین بە مەبەستی دوربونەوە لەم باسە ئیشکە ئەگێرمەوە : جارێ– کەمالی برام – لە گەرانەوەی لە قەلادزە سەماوەرێ وارشەو دەکرێ بۆماڵ , حاجی حەوێزی دوکانداری دۆستی بەمە دەزانتەوە ئەنێری بۆ سەماوەرەکە گۆیا بۆ دیدەنی ئەویش یەك سەر ئەیدا بە دەلالی ناوبازار بۆ هەراج کردنی بەلا م پێی ئەڵێ بەهەرحاڵ مەی فرۆشە , لەم کەین وبەینە وەك هەمو رۆژ کاکم وهەندی لە مامۆستایان – ئیسماعیل سەرهەنگ – لە گەڵ دەبێ لە دوکان پەیدا دەبن کاکم چاوی بە سەماوەرەکە دەکەوێت لە دەست دەلالەکە بە حاجی دەڵێ ئەمە خوشکی سەماوەرەکەی ئێمەیە گەردەمزانی لێرە دەست دەکەوێ بۆ خۆم ماندو دەکرد بەهێنانی لە قەلادزەوە , کابرای دەلاڵ خۆی گێل دەکات ئەڵێ کەمالەفەندی هەرزانە بۆ ناکری , باشە بەچەند ...؟ ئەویش لە ولام دا ئەڵێ چوار دیناریان پێی داوە تۆ ربعێك زیادکە بۆ تۆیە , کاکم دەیکا بە پاك وپوك لەدەستی خۆی دەدا ئەڵێ بەزاتی خوا من لە قەلادزە بە هەشت ونیوم کریوە , لەم میانە هەمویان دەست دەکەن بە پێکەنین تومەز گشتیان هاوبەش بون لەم بەزمە ,سەماوەرەکەی ئەگێرێنەوە بۆ ماڵ بە مەرجی دەوەتێك وماندوبونی کابرای دەلالیش بکەوێتە ملێ کاکم . خەڵکانی ئەم سەردەمە بەم چەشنە سادەیەوبێ گرێ رۆژگاریان دەبردەسەر , ئیمرۆ با ئەم تەگبیرە ئەخرایە قالبی رسواو فێڵ بازی ودەیان تومەت وناخۆشی .

هاوینی سالی 953/952 بە رێگای ئەندازیار –مەجید عومەر – ئەندازیار –حەسیب سالح– لە خەڵکانی کەرکوك ناسی , وادیاربو هەندە نەبو لە دایرەی ئەشغالی کەرکوك دامەزرابو هەرها پێی نەدەچو لە بنەماڵەیکی دەوڵەمەند بێت, کاروباروسەرپڕشتەی کردنەوەی رێگای ئوتۆمۆبیل بەقەد چیای هەیبەت سوڵتان – لە بنەرەتا ئەیوب سوڵتانە _ بۆ چنارۆك پێی راسپاردرابو بەلام پێش تەواوبونی کارەکە گواسترایەوە کەرکوك خۆشی لەم ماوەیە لە کۆیە نەدەحەواوە حەفتەی دوسێ جار سەری لە کارەکان دەدات, چەند جارێ وارێکەت بە یەکەوە سێ قۆلی لە چایخانە هاوینەکەی مام حەکیم دادەنیشتین گوێم لە وتوویژیان دەبو لە بارەی کردنەوەی رێگاکە لەم مەیانە مەجید عومەر ئەزمونی زیاتر بو زۆر جار رەخنەی لە حەسیب دەگرت کە لۆفەکانی قەد چیا کورت ورکن دەبا ماوەی زیاتربا بۆ هاسانی سەرکەوتن ودابەزیینی ئۆتومۆبیل , وابزانم لە ئاکام دا رێگاکە هەر لەسەردەستی مجید عومەر تەواوبو . حەسیب پاش گواستنەوەی بە ماوەیەکی کەم ناسرا بە کۆنتراتچییەکی سەرکەوت و دەوڵەمەند بەتایبەتی لە بەغد هەر وەك کوردێکی میلیونێری قەبەش توانی لەنەگەر بۆ هەمولایەك راگری وبەرژەوەندوکاروباری خۆی لە هەمو بارێك باتەسەر , ئەوەندەی ئاگاداربوم تا دواسالانی نەوەتەکان سەرۆکی نەقابەی ئەندازیارانی عیراق بو لە هەمان کات سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی عەرەب , لە کاتی خۆی بیستم

**لەسەرەتای حەفتاکان ماوەیی خۆی لەبەرەی بارزانی نیزك کردەوە گەرچی نەم بیستووە بالی خۆی بۆ لایەکی کوردی دابشکینی , تا لە بەغدا بوم گەلێ شەوانی پێنج شەممە بە خاووخێزانەوە هاموشۆی _( یانەی سەلاحەدینی خێزانیی ) دەکرد وەك گەلێ خێزانانی کورد لەبەغدا .**

**شایانی باسەشاری کۆیە وسلێمانی لە گەلێ روو بە یەك دەکەن , گەلێ دیاردەی سروشتی و کومەلایەتی وفەرهەنگی وکوردایەتی یکیان دەکاتەوە , هەردو شار کەوتونەتە دامێنی چیا – mountain,s feet لە ناوچەیەکی شەپۆلاوی ( گردو تەپۆلك ودەشتی تەسك ..) چیای هەیبەت سولتان وباواجی هەندێ لای شاری کۆیەی لە نیزیکەوە دەورەداوە هەروها گوێژەو ئەزمەر لە سلێمانی , رەشەبای دوا مانگانی هاوین وپایز لە هەردو شار بەرادەیەك بە هێزوتوندە زۆر جار زەرەروزیان بە خەلکان وملك ومالێ دەگەیێنی , لەلایەکی دی هاوین بە گشتی گەرمە لە هەردوشار زۆر ساردە لە زستان و گەلێ جار بەفری لێی دەکەوێ , گەلێ بەرهەمی کشت وکالێ و مێوەی جوراوجور لە هەردو شار بە یەك دەکەن .**

**لەبارەی ژیانی کۆمەلایەتی بە گشت رووەکانی یەوە جودایان لە مەیان نیە لە سەیران و وگەشت و ئاهەنگ گێران و رابواردن بە تاییەتی لە بەهارو سەرەتای وەرزی هاوین , جلێ وبەرگی نایاب و جوان ورێك وپێك , شایی رەشبەلەك و دۆل ٚوزورناو گۆرانی و ئاوازی خرۆش ,هاموشۆوبونەکانی خێزانی . شایانی وتنە کە هەردو شار هەرنەبێ لە سالانی چلەکانەوە ئاهەنگیان بۆ نەورۆز گێراوە , پیرەمێردی شاعیروفەیلەسوفی کورد لەم بارەوە هەرگیز لە یاد ناکرێ , هەروها کاکە زیاد لە کۆیە , بێگومان هەردو شار لەماوەی سەدەیەکی رابوردو تا ئەم رۆژگارە هەستی نەتەوایەتی وبزوتنەوەی رزگاری گەلی کورد وشالاوی روشنبیری فەرهەنگ و ئەدەب و شیعر کۆیی کردونەتەوە هەردو شاری شۆرش وخەبات وقوربانی , شاعیران پیرەمێردو فایق بێکەس و گۆران و قانع و زیوەروهەردی و حاجی قادری کۆیی و دلدار وساقی و عەونی وگەلێ دی لە ئەدیب ونوسەران هەمیشە شایانی شانازی وریزی نەك خەلکانی هەردوشارن بەلکو شایانی شانازی وریزو بەختەوەری گشت گەلی کوردن لەسەرتاپای کوردستان هەروها لە گۆرانی بێژان , تایەر تۆفیق و سیوەو و ئەحمەدی حەمە مەلا و مەلا ئەسعەد لەلایەك محەمەدسالح دیلان و قادروکەریم کابان و شەمالێ سائیب وگەلی تر لە لایەکی دی .**

**وا تێبین دەکرێ کە شاری سلێمانی تا ئەم سەردەمە تاکە شاری گەورەی کوردستانی باشورە رێژەی دانشتوانی لە بیانوو غەیرەکورد بە سسەدە یەك ناگات هەروها شاری کۆیە , لە گەلێ وەش گەلێ شاری بچوك وشاروچکەی کوردستان کەم یازۆر هاوبەشن لەم دیاردەیە وەك رانیە وقەلادزە و رەواندوزو شەقلاوە وگەلێ دی,**

**لە دێرینەوە هەردوشار مەیدانی کەلەپیاوانی ئایین لە عالم و سۆفی ومەلا وشیخی ناودار جگە لە پیاوانی کوردپەروەرو رابەرو پێشرەو , لە سلێمانی مەلیکی کوردستان قارەمانی نەمر شێخ مەحمودو روبەروبونی چەکداری دژ هێزەکانی ئینگلیزی داگیرکەرو حکوموتی بەغدا بۆ چەندین سالێ لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان لەمێژووی خەباتگێری گەلی کورد زەق وئاشکرا . لە کۆیە مام جەلال ئازاو نەبردو خۆراگر لەماوەی زیاتر لە پەنجا سالی رابوردو لە کۆری خەباتی سەخت و شۆرشی چەکداری بەلایەك رابەریی وپێشرەوی گەلی کورد لە پێناو هینانەدی ئامانج ومافەرەواکانی نەتەوەیی ودیموکراسی لە لایەکی دی کۆلی نەداوە تا ئەم رۆژگارە بەردەوامە ,هەردو کەلەپیاو لەمەیدانی خزمەتگوزاری میللەتی کوردو مافەرەواکانی نەتەوەیی هەریەکە بەگوێرەی بارودۆخو هەلسوکەوتی سەردەمی خۆ جێی شانازی گەلی کوردن.**

---

**پەراوێزەکان**

1 – **بەگشتی کەوتوتە مەیان رانیەو دامێنی چیای هەیبەت سولتان ,دەشتێ فرەوان وبەپیت وبەرەکەت , سەرخمە گەورەترین روبارە لەم دەشتە , توتن وبرنج زۆربەی بەرهەمی کشت وکالە .**

2 –لەبنەماڵەیەکی هەولێری , یەك لە 18 کوروکیژی حاجی عوسمان , ساڵی 959 حاجی خەڵات کرا بەبۆنەی خاوەنی گەورەترین خێزان لە هەولێر, حەمید شیوعیەکی زۆر ڕك و رادیکاڵ خوێندەوارو‌روشنبیرێ پتەو توند لەرەوەتی لەناوحزب لە پەنجاکان چەند ساڵێ سکرتێریی حزبی گرتە دەست گەیشتە پلەیەك لە باغربوون بەناوی ئاشکرا بەیانەکانی حزبی دەردەکرد – لە دەرفەتی دی زیاتر درێژەی پێ دەدەین .

3 – بیستم رسول هاوار لە گۆڤاری – ڕۆشنبیری کورد – مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە –لەندەن– دەری دەچوێنی ,باسی ئەفسەرەکانی کۆماری کوردستانی کردووە لە مەهاباد ( بکر عەبدولکەریم حەوێزی و جەلال طه ویەکی تر) نایەتە یادم بە پێچەوانەی شەهیدان محەمەد قودسی وهەڤاڵانی خۆیان بەردەست نادەن ئەگەرێنەوە کوردستانی –عیراق – بریاریان وادەبێ کە لە ( سەرکەپکان لای عەباساغا ) یەکتر بگرنەوە بەلام جەلال طه ئەکەوێتە بەردەستی پۆلیسە درندەکانی ئێران چەند ساڵێ بەند دەکرێ لەتاران دوای لە عیراق حوکم دەدرێ بە ئیعدام بەدوایی سوك دەکرێ بۆ بەندی پێنج ساڵ ئەمیش لە سولەیمانی . بگەرێوە بەشی B – سێیەم لە سایتی –دەنگەکان– لە بیرەوەریەکانم , خۆزگە هاواریش زیاتر ئەم باسەمان بۆ روون دە کاتەوە .

4 – مامۆستا کەمال عەبدولقادر لەم ماوەی لە رانیە بووم لە ژورێکی یانەی فەرمانبەرانی رانیە پێش سەعات چواری ئێوارە یانی پێش هاتنی فەرمانبەران بە نوسین دەرسی زانیارەکانی مارکسی فێر دەکردم , ئێستاش لە یادمە یەك لە دەرسەکان لەبارەی پەیوەندی مانگرتنی کرێکاران لە کارخانەکانی دەوڵەتانی ژێر دەست لەگەڵ شێوانی سەرمایەدارورژێمەکانی لە وڵاتانی ئیپریالیزم , مامۆستا کەمال لەم سەردەمە ئەندامێ لێپسراوی پارتی بو لە کۆیە لە رانیە پاش گواستنەوەی .

5 – سەری ساڵی قبول کردنی عەبدولوهاب لە دارالمعلمین العالیە لەمەیانی 952 –954 داوای لێی کردم بەیەکەوە بچین بۆ خزمەت ( تۆفیق وهەبی بەگ ) – ماڵی بە تەك کۆلیجی ئێمەوەبو – بەڵکو هەوڵێ بدات لای عەمیدی کۆلیجی ئەندازە کە ئینگلیز بو بوگواستنەوەی

بو ئەم کولیجە , سێ چوار جار سەردانی ماڵەکەیانمان کرد پیاوەکەی بە دوقسان بەرێی دەکردین , تا جارێ بەگزادە بە رۆبە ئاوریشمە بریقەدارەکەی لە باڵکۆن سەری هەڵداو وتیی : کوا ئەمانە ...!؟ عەبولوهاب زۆر بەرێزو بروا بە خۆ وتی : بەگم منم داخوازیەکەی بۆ روون کردەوە . بەگزادە بێزارو ماندوبە دی دەکرا یەکسەر وتی : باشە چی گەوادی تر نەبو بچنەلای , عەبولوهابیش زۆر بەسادەو بێ غەرەز وتی : نەخێر بەگم . بەگزادە خۆی کردەوە ژور.

6 – جەمیل شەرەف لەبنەماڵەیەکی کوردی کەرکوکی خانەدان و روشنبیرو ناسراو لە بنەرەتا وەك بزانم دەگەرێنەوە هیران ونازەنین لە دۆڵی خۆشناوەتی, باوکی عەبولرەحمان شەرەف رەنگە یەکەمین بەرێوەبەری قوتابخانەی سەرەتای کۆیە بوبێ هەروها مامی ناسراو بە ( سدیقەفەندی ) لە کەڵەپیاوانی دادو دادگای گشت عیراق بو بە تاییەتی لە ناوچەی کوردستان وشاری کەرکوك , جەمیل روشنبیرو بەرێز روخۆش و دەم بە خەندەوپێکەنین ئەندام و لێپسراوی چاپوکی پارتی لە ئاستی قوتابیانی کوردستان و حزب بە تاییەتی لە بەغدا لە هەمان ساڵ لە کۆلیجەکەمان دەرچووین . باسی ئەمەش ماوە بۆ جارێ دی

7 –کتێبەکەی – کێوماڵی بەناو بیرەوەریەکانمدا –نەوروزی 2000 . نەمزانی مەقسەدی چی یە ..؟ لە قەڵەمچی .

8 –ساڵی 952 گەڵی عیراق بەتاییەتی بەغدا راپەرینی بە ناو تشرینی دووەم دژی پەیمانی بەغدا _ چوار قۆڵی ( بەریتانیا و عیراق تورکیا و ئێران ) بەرپا کرد , خوێندکارانی کولیجەکان دەورو روڵی سەرەکیان نواند لەم راپەرینە , هەندەی نەبرد گشت قوتابخانەکانی ئامەدەیی و کۆلیجەکان بەغدا داخران , قوتابیانی دەرەوەی بەغدا گەرانەوە شارەکانی خۆیان خودی خۆم گەرامەوە رانیە هەروها جەمیل شسەرەف , پشووی قوتابیان گەیشتە حەفتا رۆژ بۆیە ناسرا بە م ناوە , پێنج شەممەی سەرەتا مانگی شوبات – فێبروەری 953 لە رادیۆ بەیان درا کە رۆژی شەممەی داهاتو دەوامی گشت کولیجەکانە ئەمەی دوا بکەوی بە دەرکراو لە قەڵەم دەدرێ , ئەم رۆژەش رۆژی زور توش بو چەند رۆژێ بو باران بەردەوام بو قورو چرپاو تا چۆکان دەهات نە کاروان هەیە نە ئۆتومۆبێلێك , لەناکاو خەبرمان بۆهات کە قایمقامی رانیە لە قەڵادزەوە دەگەرێتەوە بۆ رانیە بەڵام ماشینەکە ناگات بە شار . ئیدی هەڵیکی باش بو بە وڵاغ خۆمان گەیاندە ماشین تاوێ رۆیشتین لە ناو قور چەقی لە نێزیك گوندی بۆسکان , ئێمەو شوفێر بێ سود هەوڵمان دا دەری چوێنین , کابرای شوفێر خۆی گەیاندە گوند ئەڵی : قایمقام ئەگەێنمە قەڵادزە , هەر ئەوەندەمان زانی عەباساغاو چەند زەلام بە پێمەرەو گوریس ئامادەبون بارانیش هەربەردەوامە , چاوی بە ئێمەکەت زانی شوفێرەکە درۆی لەگەڵ کردوە بەڵام لەگەڵ وەش بە پیاوەکانی ووت ئازابن ئەمانەش قایمقامی دوارۆژن , شەومان بەسەرداهات زۆر ساردو بەترس زۆر درەنگ بە رێگای کونەکۆتر گەیین بە سلێمانی ئەمەش باسێ ترە

تێبینی :

------ لە فێبرەوەری ساڵی 2002 نوسراوەتەوە لە کۆتایی مانگی جەنوەری 2005 پۆختە کراوەتەوە

**ماوێتی**
E-mail faieq04@hotmail.com   Australia